ژمارە : ٥٨١٣
ڕێكەوت : ٢٣ / ڕەشەمێ / ٢٧١٩ كوردی

NO :
DATE: ٢٠٢٠ / ٣ / ١٣

## بەیانی ژمارە (١٦) ساڵی ٢٠٢٠

**دوابەدوای بەیانی ژمارە (١٥,١٤,١٣,١٢,١١,١٠,٨,٦,٥,٣)ی تایبەت بە ڕێگری كردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (كۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی كوردستان، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :**

**یەكەم:**- ڕاگرتنی هاتووچۆ لە ناو هەر دوو شاری هەولێر و سلێمانی بۆ ماوەی (٤٨) كاتژمێر و لە كاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ١٣-٢٠٢٠/٣/١٤ دەست پێ دەكات.

**دووەم:**- پێویستە هاوڵاتیان لە ماڵەكانی خۆیان بمێننەوە تا تیمە تەندروستیەكان بتوانن كاری خۆیان ئەنجام بدەن و بۆ هەر حالەتێكی گومانلێكراو پەیوەندی بە هێلی گەرمی (١٢٢) بكرێت و پێویستە ئەو هاوڵاتیە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە تا تیمە تەندروستیەكان بە هانایەوە دەچن.

**سێ یەم:** پێویستە ئەو هاوڵاتیانەی كە بە ڕێگای نایاسایی لە ئێران گەڕاونەتەوە بە زووترین كات خۆیان بە تیمە تەندروستیەكان بناسێنن ، بە پێچەوانەوە سەرەڕای ئەوەی كە دەبرێن بۆ كەرەنتین بە پێی یاسا ڕادەستی دادگا دەكرێن بە تۆمەتی بە ئەنقەست بڵاوكردنەوەی نەخووشی و گەڕانەوە بە ڕێگای نایاسایی.

**چوارەم:**- پێویستە ژووری ئۆپەراسیونەكانی هەر دوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی و تەواوی تیمە تەندروستیەكان و هێزە ئەمنیەكان بكەونە حاڵەتی ئامادەباشی بەمەبەستی جێبەجێ كردنی بڕگەكانی سەرەوە.

**پێنجەم:**- ئەو عێراقی و بیانیانەی كە لەم وەڵاتانەی خوارەوە دێنە هەرێمی كوردستان لە كاتی گەیشتنیان بۆ دەروازە سنورییەكانی هەرێمی كوردستان ئەگەر (٣٠) ڕۆژ پێش گەشتنیان لەو وەلاتانە بووبن ئەوا دوای پشكنینی سەرەتایی، پێویستە ببرێن بۆ كەرەنتینەكان تا تێپەربوونی ئەو ماوەیەی كە وەزارەتی تەندروستی دەست نیشانی كردووە:

وەلاتەكان: (بەلجیكا، هنگاریا، كرواتیا، قبرص، دانیمارك، ئەستونیا، ئەلمانیا، فەرەنسا، یونان، ئەلبانیا، لیتوانیا، لۆكسەمبورگ، مالتا، هولەندا، چیك، پولەندا، پۆرتوگال، رومانیا، سلوڤاكیا، سلوفینیا، فینلاند، ئیسپانیا، سوید، بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا، بریتانیا، ئیرلەند، اسكوتلندا، نەرویج، سربیا، مۆنتینیگرۆ، بولگاریا، نەمسا، سویسرا).

ژمارە : ٥٨١٣
NO :

ڕێکەوت : ٢٣ / ڕەشەمێ / ٢٧١٩ کوردی
DATE: ٢٠٢٠ / ٣ / ١٣

**شەشەم:-** برگەی (پێنجەمی) سەرەوە دیپلوماتکارەکان و شاندە فەرمییە بیانیەکان ناگرێتەوە و لە دەروازە سنورییەکان بە ڕێزەوە پێشوازیان لێ دەکرێت و پشکنینی سەرەتاییان بۆ دەکرێت بەلام پێویستە بروانامەی تەندروستی (Medical Clearence) یان پێبێت کە هەلگری ڤایرۆسی کۆرۆنا نین.

**حەفتەم:-** داوا لە هاوڵاتیانی کوردستان دەکەین کە نیشتەجێ وەڵاتانی ئەوروپان نەگەرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ جەژنی نەورۆز، لە بە ئەوەی هەموو جورە ئاهەنگ و گردبوونەوە لە نەورۆز ڕاگیراوە.

**هەشتەم:-** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**رێبـــەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخـۆ**

وێنەیەک بۆ:-

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بو زانین لەگەڵ رێزگرتن.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سکرتاریەت / بو زانین لەگەڵ رێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ، بو زانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ، بو زانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.
- وەزارەتی داد/ ب.رۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بلاوکردنەوەی تکایە، لەگەڵ رێزگرتن.
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، بو زانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بو زانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بو زانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.
- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە/ نوسینگەی بەرێز سەرۆکی فەرمانگە/ بو زانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.
- دەستەی گەشت و گوزار/ بو زانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، بو زانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.

ژمارە : ٥٨١٣ — NO :

ڕێکەوت : ٢٣ / ڕەشەمێ / ٢٧١٩ کوردی — DATE: ٢٠٢٠ / ٣ / ١٣

- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی راوێژکار/ بو زانین، لەگەل رێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ رێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر ، بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست لەگەڵ رێزگرتن
- بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرك/ بو زانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن..
- دەروازە سنوورییەکانی (ابراهیم خلیل ، حاجی ئومەران ، باشماخ ، پەرویز خان ، سەرزێر) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێر و سلێمانی / بۆ زانین وئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەل رێزگرتن. .
- نوسینگەی بەرێز بەرێوەبەری گشتی دیوان / بوزانین و کاری پێویست ، لەگەل رێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان / بوزانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆزانین و کاری پێویست، لەگەل رێزگرتن.
- خولاو.